# ئەگەرپاکسازی کرا
# مەئمورە مشەخۆرەکان چییان لێدەکرێ؟

ئەمرۆ حیکایەتی گەندەڵی ومشەخۆری  هێندە زۆرن لە هەموو شتێك پەكمان بكەوێت،لەنمونە هێنانەوەی ئەوان پەکمان ناکەوێت،هەربۆیە ئینسانی مشەخۆر نە تەریق دەبێتەوەونە باکیی بەڕووبەڕوبونەوەیە،هێندە بێ چاوو ڕوون، لە بری ئەوەی ئەوان شەرم بکەن شەرم سڵ لەوان دەکاتەوە، بەڵام گرفتەکە لەوە دایە لە هیچ شوێنێکیش پەکیان ناکەوێ،لە هەموو کاسەیەکدا کەوچکن ولە هەموو جێگەیەکیش لەبەرانبەرت قوتدەبنەوە باریان سەنگینەوئەگەربۆیان بلوێ لە خووت وخۆرایی ملت دەشکێنن،من لەم گۆشەیەدادەخوازم لە مەئمورێکی زۆر گچکەوە مەئمورە گەورەکان ببینین:فەرمانبەرێکی گچکە بەڵام مشەخۆرێکی گەورە لە یەکێك لە وەزارەتەکان بەسیفەتی کۆلکە نوسەر کە لە ڕاستیدا خوێندەواری تەواویش نەبوو،سەرپەرشتی پرۆژەیەکی رۆشنبیرییان پێسپاردبوو،بەڵام ئەوسپڵەیە هەرزوو نێتی ناشرینی دەرکەوتوو هەندێك لە ڕۆژنامەکان لێیان لە هەڵداونەیان هیشت ئەوپارووە لف بدا کەچاوی تێبڕی بوو،سەرئەنجام لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەی بۆبەستراو لە کارەکەی وەدەرنراوگوازرایەوە بۆشوێنێکی تر،کاکی کۆلکەنوسەر کەپێشتر بەسکێك تێروبەدە برسیبوو،،مشەخۆرێکی هەمیشەیی سەرسفرەی دۆست وناسیاوانی خۆیی ومیوانێکی هەمیشە برسی خانە خوێکانی بوو،هەرلەپاش وەدەرنانی لەکارەکەی پێشووی هێندەی نەبرد لە شوێنێکی ترەوە لێیان لەهەرادایەوەولەوێش بەخت یاوەری نەبوو،بە جۆرێك لێی قەومائەمجارە بەتەواوی دەستەپیسەکەی ئاشکرابوو تەنانەت ئەوپاساوانەش دادی نەدا کەبۆدەرکردنی لە کاری پێشووی هۆنیبوونییەوە، کاکی لێقەوماو کەپێشتر هەمیشە گیرفانی بەتاڵبوو،ئەمێستا جگە لە کۆمپیوتەروهاندی عەنتیکەومۆبایلی پڕ وەحدە،نیوەی چاپخانەیەك وخانوویەکی ژیکەلەشی پێکەوەناوە،ئیدی وەك نەبای دیبێ و نەباران خۆی لێببووە سۆپەرمان ولەلای خۆیەوە بەرەوئاسمان هەڵدەکشاوبەلووتی بەرزەوە بەڵام بە چاوی نزمەوە لەوکەسانەشی دەڕوانی کە ڕۆژانێك لە ڕووی سۆزی ئینسانیەوە،لە قووتی خۆیان گرتبۆوەوبەدەمی ئەویانداکردبووکەچی بەوپەڕی بێچاوو ڕوویییەوە بێمنەتی دەنواند!ئیدی کەلەم هەڵایەی دواییدا لێی قەوماولێیان پرسی:ئەرێ کاکی نوسەر تۆرۆژێك خەم خۆری ژنان ورۆژێك خەمخۆری مندالآن وکرێکاران بووی وبە قسەی خۆت شەوڕۆژت لەپێناوی ئەواندا خستۆتە گەر؟ئێ جگە لە موچەیەکی مەمرەو مەژی حکومەتیش هیچ سەرچاوەیەکی دارایت نیەوئەگەر باربۆویارمەتی هەندێك برادەر نەبوایە هەرگیز موچەکەت بەشی جووتێك پێلاوی باشی لەنگەشی نەدەکرد، دەبوا نیوەی مانگەکەت بەبرسێتی بەرێ کردبا،ئێستا پێمان ناڵێی ئەم شتانەت لەکوێ هێنا؟! بەسەری خۆم ئەورۆژانە بەرد دەنگی هەبوو ئەم بێدەنگ بوو!کەچی ئێستا دەبێنم دەنگی دلێرەو بڕوای بە هەندیك مەسەلە نیەوگاڵتەی تەواویشی بەپاکسازی وچاکسازیەکە نایات،منیش دڵنیام ئەوڕاست دەکا،دەنا ئەگەرچاکسازی وپاکسازی

هەرپڕوپاگەندەی سیاسی وقسەی سەرتەلەفزیون نەبوایە،ئەو شایانی ئەوەنەبوولەم فەرمانگەیەوە بگوازرێتەوە بۆ یەکێکی تروچاوپۆشی لێبکریێ، بەڵکودەبوایە ئەوەی بەدزیوفزیش هەڵیشی لووشیووە پێی دانێنەوە نەك بەناوی ڕۆژنامەنوسێکیشەوە زەوی وەرگریێ!!،ئەگەرچاکسازی هەبوایە دەبوایە ماوەیەکی دیاری کراو لەخانەی چاککردنی کۆمەلایەتی دابنرایەوفێربکرایە مشەخۆری چەندە کارێکی دزێوو قێزەونە،کۆلکە نوسەرێك هێشتا هەست بەوڕاستیە نەکات دزیوفزی چەندە دەبێتە مایەی گیرفان پڕکردن هێندەش کەسایەتی مرۆڤ لەجوامێری وجوانی ومەردایەتی خاڵی دەکاتەوە،هەرشایانی ئەوەیە لەخانەی چاککردنی کۆمەلایەتی داینێیت،ئەو دەبو ئەوە بزانێت مشەخۆری چەند گەدەت پڕدەکات هێندە کەسایەتیت بەتاڵ دەکات تاجارێك بەبەرزی خۆت نمایش دەکەیت دەیان جار خەڵکی بوودەڵەیی ونزمیت دەخوێننەوە،بەڵام کەسێك هەر بەگەدەی بیر بکاتەوە،چ باکی بەگەندەڵ بوونی ژیانی کۆمەڵایەتی یە؟بۆیە مشەخۆرەکان هەقی خۆیانە بڕوا بەپرووپاگەندەی چاکسازیو پاکسازی نەکەن،چونکە تاهەنووکەش ئەوان هەربەمشەخۆری لێدەخوڕن!

*ئەم بابەتە تایبەت نیە بەتۆ وەلێ لەتۆش بەدەرنیە.